ISSN: 1999-5601 (Print) 2663-5836 (online)

Lark Journal

Available online at: https://lark.uowasit.edu.iq

# Common Values in Social Studies Textbooks for Basic Education (Third Cycle /Grade Seven as a Sample)

*Corresponding author:
**Asst. Lect Awat Karim Mustafa**
Department of Special Education, College of Education, Charmoo University, Chamchamal/Sulaymaniyah, Kurdistan Region
Email: awat.karim@charmouniversity.org
**Lect. Dr. Sabir Bakir Mustafa**
Department Kindergarten, College of Basic Education, Slemani University, Slemani, Kurdistan region.

**Keywords:** school textbooks, social subjects, basic stage

ARTICLE INFO

Article history:
Received 20Mar 2025
Accepted 26Jun 2025
Available online 1 Jul 2025

## Abstract

The aim of the research is to identify and determine the prevailing values in the Social Studies textbook for the basic stage/seventh grade according to Ralph White's content analysis criteria. To achieve the research objectives, the researcher used the descriptive analytical method, and the research tool consisted of using Ralph White's criteria. The research population consists of all basic stage teachers in the Sulaymaniyah Education Directorate, and the tool was applied to the research sample represented in the seventh-grade Social Studies textbook. The research found that out of the total (180) pages that make up the book, (97) pages are dedicated to topics and images, equivalent to (53.89%) of the book, and (83) pages are dedicated to other topics, equivalent to (46.11%).

© 2025 LARK, College of Art, Wasit University

DOI: https://doi.org/10.31185/lark.4097

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

# القيم السائدة في كتاب المواد الاجتماعية للمرحلة الأساسية (الصف السابع كنموذج)

م.م آوات كريم مصطفى (طالب)/ قسم التربية الخاصة، كلية التربية، جامعة چەرموو، ٤٦٠٢٣ چەمچەماڵ/السليمانية
أ.د. صابر بكر مصطفى (المشرف) /قسم رياض الأطفال/ كلية التربية الأساسية/ جامعة السليمانية

**ملخص:**

يهدف البحث إلى معرفة وتحديد القيم السائدة في كتاب المواد الاجتماعية للمرحلة الأساسية/الصف السابع وفقاً لمعيار رالف وايت لتحليل المحتوى. ولتحقيق أهداف البحث، استخدم الباحث المنهج الوصفي التحليلي، وتكونت أداة البحث من استخدام معيار رالف وايت. يتكون مجتمع البحث من جميع معلمي المرحلة الأساسية في المديرية العامة لتربية السليمانية، وتم تطبيق الأداة على عينة البحث المتمثلة في كتاب المواد الاجتماعية للصف السابع. توصل البحث إلى أن من مجموع (١٨٠) صفحة التي يتكون منها الكتاب، (٩٧) صفحة مخصصة للمواضيع والصور أي ما يعادل (٥٣،٨٩٪) من الكتاب، و(٨٣) صفحة مخصصة لمواضيع أخرى أي ما يعادل (٤٦،١١٪).

**الكلمات المفتاحية**" : الكتب المدرسية، المواد الاجتماعية، المرحلة الأساسية

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**پوختە:**

ئامانجی توێژینەوەکە زانین و دەستنیشانکردنی بەها باوەکانی ناو کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانە لە قۆناغی بنەڕەتی/ پۆلی حەوتەم بە پێی پێوەری ڕاڵف وایت بۆ شیکاری ناوەڕۆک، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، ئامرازی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە بەکارهێنانی پێوەری ڕاڵف وایت، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە هەموو مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی سنوری پەروەردەیی سلێمانی، ئامرازەکە لەسەر نمونەی توێژینەوەکە جێبەجێکرا کە بریتییە لە کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوت، توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لە کۆی ژمارەی (١٨٠) لاپەڕەی کە کتێبەکەی پێکهێناوە، (٩٧) لاپەڕەی تایبەتە بە بابەتەکان و وێنە کە دەکاتە (٥٣،٨٩٪) کتێبەکە، (٨٣) لاپەڕەش تایبەتە بە بابەتی دیکە کە دەکاتە (٤٦،١١٪).

لەدوابەدوای شیکاری ناوەڕۆکی کتێبی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەم و خستنەڕووی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوە، توێژەر بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە:

١. ڕێژەی ئەو لاپەڕانەی کە بەهایان لەخۆگرتووە، زۆر کەمەن. زۆربەی لاپەڕەکان بۆ چالاکی و ڕاهێنان و پێرست و ناونیشان و مەبەستی دیکە تەرخانکراون.

٢. گەورەترین چەندەباری بەها (٥٤) جارە. بۆیە هەر بەهایەک لەنێوی ئەو ژمارەیە زیاتر چەندبارە بێتەوە، بە بەهای باو هەژمارکراوە. بەم پێیە بەها باوەکانی نێو کتێبی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەم، بریتین

له (مەعریفە، ئـابووری، ســـیاســـی، جوگرافی، کۆمەڵایەتی). ئەمـانەش بەدوایـانـدا هـاتوون (نەتەوەیی، تەکنەلۆژیا، ئاکار، دەستکەوت دادپەروەری، سەربازی، نیشتیمانی).

٣.ڕیزبەندی گرووپی بەهـــاکان بـــەم شـــێوەیەیە (مەعریفی، ئابووری، سیاسی، جوگرافی، کۆمەڵایەتی، کولتووری).

کلیلی وشەکان: بەها باوەکان، کتێبی کۆمەڵایەتی، قۆناغی بنەڕەتی

### ١-١: کێشەی توێژینەوەکە (Research Problem):

پەیوەندی مرۆڤ چییە بەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژی و نەشـونما دەکات؟ ئایا مرۆڤ بەرهەمی خودی خۆیەتی و خۆی چارەنووســی خۆی دیاری دەکات، یا خود نەخێر ئەوە کۆمەڵگە و بەهاکانی ناو کۆمەڵگەیە کە نەخشی خۆی لەسەر مرۆڤ دەنەخشێنێ و بڕیار لەسەر چارەنووسی دەدات؟ ڕۆڵی مێژوو چییە لە ژیانی تـاکەکەســـدا؟ مێژوو چۆن کـاریگەری هەیە لەســـەر بوونمـان وەکو تـاکەکەس؟ ڕۆڵی مێژوو چییە لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە و کۆنەستی کۆمەڵگەدا؟ بەهاکان چ ڕۆڵێک دەبینن لە ژیانی تاکەکەسدا؟ ئایا بەهاکان تاکەکەس دروست دەکەن؟ یا خود ئەوە تاکەکەس بەهاکان دروست دەکات و مانایان پێ دەبەخشێت؟ مێژوو و بەهـاکـان چ دەورێکیـان هەیە لە ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵگەدا؟ ئەگەر ئێمە خۆمان چارەنووســـی خۆمان دیاری دەکەین، بۆچی هەندێ کات کە بڕیار دەدەین دواتر پەشـــیمان دەبینەوە و پێمان وایە کە ئەو بڕیاردانە لە دەســـتی خۆمـانـدا نەبووە؟ ئەگەر ئێمە بەرهەمی کۆمەڵگە و بەهـاکـانی کۆمەڵگەین کە وایە هەموو ئەو کـارانەی کە ئەنجـامی دەدەین هیچ هەڵبژاردنێکی خۆمـانی تێـدا نییە و ئێمە بەرپرســـیـار نین لە دەرئەنجامەکانیان؟ ئەم پرسیارانە و سەدەها پرسیاری دیکەی لەم شێوەیە بە درێژایی مێژوو بوونیان هەبووە و وەڵامدانەوەی ئەم پرسـیـارانەش هەر وا ئاسـان نییە و بە درێژایی مێژووی مرۆڤ ئەفسـانە و فەلسـەفە و ئایینە ئاسـمانی و ئاینە زەمینەییەکان لە هەوڵ یەکلاکردنەوە و وەڵامدانەوەی ئەم پرسـەدا بوون، (مەسـەلەی پەیوەستبوونی مرۆڤ بە خودی خۆیەوە و ئەو تەنگەژەیەی کە تێی دەکەوێت لەوەدا کە دەبێت جڵەوی بوونی خۆی بگرێتە دەســـت یـان بەڕەڵای بکـات، دیســـانەوە و لە شـــێوەیەکی تردا کێشـــەی بوون، مـاهیەت دەوروژێنێتەوە. ئێمە چۆن دەتوانین جیاوازی لە نێوان بوونی ڕەســەن و بوونی سـاختە یا ناڕەسـەندا بکەین؟ پێودانمان بۆ ئەوە چییە؟ پاشان ئاخۆ لە ڕاستیدا پێودان بۆ ئەوە هەیە؟) (ماکواری، ٢٠٠٥، ٨٧)

بـابەتی بەهـاکـان یەکێکە لە بـابەتە گرنـگ و هەســـتیـارەکـانی زانســـتە کۆمەڵایەتیەکـان، بەهۆی ئەو کاریگەرییەی کە هەیەتی لەســـەر چەندین پێگە و دیاردەی تری کۆمەڵایەتی، بەهاکان بەشـــێکی گرنگن لە بونیادی کۆمەڵایەتی و مەعریفیمان، زانایان کۆکن لەســـەر ئەوەی کە بەهاکان بۆ پاراســـتنی ســـەقامگیریی کۆمەڵگا بوونیان هەیە.

### ١-٢:گرنگی توێژینەوەکە (Research Significance):

دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوە لە چەند ڕوویەکەوە بخەینە ڕوو:

- وەک لێکۆڵینەوەیەکی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان سەیری بکرێت، چونکە باس لە کاریگەری بەهاکان و چەمکە مێژووییەکان دەکات لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا و ڕۆڵی ئەم بەهایانە لە دروستبوون و ئاراستەکردنی تاک بەرەو ئایندەی لەژێر ڕۆشنایی ئەو داتایانە کە لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەست دەکەون.
- ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ سەرجەم ئەو دامودەزگایانەی کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی کلتور و بەهاکان دەدەن.

### ١-٣: ئامانجی توێژینەوەکە (Research Objectives):

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بە دیهێنانی ئەم ئامانجانە دایە:

- دیاریکردنی بەها باوەکانی نێو کتێبی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێژەی بایەخ پێدانیان لە لایەن سیستەمی پەروەردەوە و چۆنیەتی پۆلێنکردن و جێکردنەوەیان لەناو کتێبەکاندا.

### ١-٤: سنووری توێژینەوەکە (Limitation of Research):

- سنووری بابەت: کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمی بنەڕەتی دەگرێتەوە، (بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتی).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

### ١-٥: دیاریکردنی زاراوەکانی (Term Definitions):

#### ١-٥-١: بەها (Value):

ئەلفەلاحی (١٩٩٤) ئاماژە بەوە دەکات: هەندێک لە کۆمەڵناسەکان بەهاکان بەو کۆمەڵە یاسا و ئامانج و ئایدیاڵە پێناسە دەکەن، کە مرۆڤ ڕێنمایی دەکەن، جا چ لە پەیوەندییەکەیدا بێت لەگەڵ جیهانی ماددی، جیهانی کۆمەڵایەتی، یان جیهانی ئاسمانی. (أبوهنتش، ٢٠١٨, ١١٠)

د. سابیر بۆکانی لە کتێبی ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەروونییەکان بەم جۆرە پێناسەی بەهای کردووە: (بە هەموو ئەو شتانە دەگوترێت کە شایانی بایەخ پێدانن و گرنگن لە ڕووەکانی ماددی، مەعنەوی، کۆمەڵایەتی، ئاکاری، ئایینی و جوانییەوە. بەها ئەو چەمکانەیە کە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری خەڵکی بەجێ دەهێڵن و ڕاست و پەسەند دیاری دەکەن. شارەزایان بەهاکان بۆ چەند گرووپێک پۆلێن ئەکەن کە بریتیین لە (جەستەییەکان، خۆییەکان، کردارییەکان، کۆمەڵایەتییەکان، مەعریفییەکان، ئاکارییەکان، خۆشباوەڕییەکان و نیشتیمانییەکان). هەر یەک لەم گرووپانە چەندین بەهای لاوەکی لەخۆ دەگرێت). (بۆکانی ٢٠٢٠, ٦٠)

ئەبو جادۆ بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: "گرنگیدان، هەڵبژاردن، پەسەندکردن، یان حوکمێک کە مرۆڤ سەبارەت بە شتێک دەیدات، بە ڕێنمایی کۆمەڵێک بنەما و پێوەر کە لە لایەن ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی دیاری دەکرێت، کە دەستیشان دەکرێت چی خوازراو و پەسەند کراوە". ( أبو جادو، ١٩٨٨، ص٣١٦) نقلا عن (الهندي، ٢٠٠١، ٩)

بەها لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە: "بریتییە لە ڕێکخستنی بڕیارە عەقڵی و سۆزدارییە گشتییەکان بەرامبەر بە کەسەکان، شتەکان، واتاکان و لایەنەکانی چالاکی، کە ڕێنمایی هەڵبژاردنەکانی تاک دەکات لە نێوان بژاردە ڕەفتارییەکان لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا، و ئەوەش دیاری دەکات کە چ جۆرە ڕەفتارێک پەسەندە لەو هەڵوێستانەی کە چەند بژاردەیەکی ڕەفتاری تێدایە". (مرتضی ، ٢٠٢٤، ٨٧٦)

**پێناسەی ڕێککاری بۆ بەها:**

هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە جێگەی سەرنج و بایەخ پێدانن لە ڕووەکانی ماددی و مەعنەوییەوە یا کۆمەڵایەتی یان ئاکاری یا ئاینی و جوانییەوە، کە کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری خەڵک جێدەهێڵن و دەبنە بەشێک لە بونیای مەعریفی کەسەکان، هەموو ئەمانەش بە یەکەوە سیستەمێکی بەهایی دروست دەکەن کە هەندێکیان جیهانین و هەندێکی دیکەیان تایبەت بە کۆمەڵگەیەکی دیاری کراو.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**١-٥-٢: کتێبی قوتابخانە:**

بە لای (Syllabus & Rowntras)ەوە بریتییە لە پوختە یان هێڵە گشتییەکانی ناوەڕۆکی مادەی کۆرسێک یان کتێبێکی قوتابخانە، ئەو کتێبەش زانیاری و ڕاوبۆچوون و بەها و ئەو لێوەشاوەییانەی لە خۆ گرتووە کە بۆ گەشەپێدانی مێشکی قوتابی پێویستن. (س. ب. بۆکانی، ٢٠١٦، ٢٠٨)

پێناسەی ڕێککاری کتێبی قوتابخانە: بریتییە لە بابەتی بڕیارلێدراو لە دوو توێی ناوەڕۆکێکی دیاریکراودا، کە لە لایەن دامەزراوەیەکی پەروەردەییەوە دانراوە بە مەبەستی گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی خوێندکاران لە گشت بوارەکاندا وەکو: لایەنی مەعریفی و ویژدانی و جووڵەیی... هتد، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببنە بەشێک لە ڕەفتاری خوێندکار و لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریان بهێنێت.

**بەشی دووەم**

**ئەدەبیاتی توێژینەوە**

**٢- بەهاکان:**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای مرۆڤایەتی و چاوێک بخشێنین بە مێژووی زارەکی مرۆڤدا ، بۆمان دەردەکەوێت کە مرۆڤ هەر لەسەرەتاکانی ژیانییەوە لە لایەن بەها جیاوازەکانەوە ئاراستە کراوە، بەهاکان بابەتێکی گرنگ بوون لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دارشتنی ژیان و کۆمەڵگاکانی

شارستانییەتە کۆنەکاندا هەبووە، مێژووی بەهاکان، هێندەی کۆنی مرۆڤەکان کۆنە، گروپە کۆمەڵایەتیەکان بەها و بۆچوونەکانیان لە ڕۆحی منداڵەکانیاندا چاندووە، گواستنەوەی بەهاکان بەشێک بووە لە ژیانی مرۆڤ، تاک و گروپەکان، بە ئاگایی یان نائاگاییانە، هەڵیان داوە ئەوەی کە خۆیان دەیانەوێت فێری نەوەکانیانی بکەن. مرۆڤ زۆرجار لە رەوت بەرەوپێشچوونی ژیانیدا پێش ئەوەی نووسین دابهێنێت، لە ڕێگەی کولتووری زارەکییەوە، بەهاکانی بە شێوەی گێڕانەوە لە ناو نەوەکانیدا چاندووە و هەوڵی داوە ئەم بەهایان پارێزگاری لە بەکانی بکات.

لەگەڵ داهێنانی نووسین و کەرەستەکانی تۆمارکردندا، هەوڵی داوە کە بەهاکان لە هونەر و ئەدەب و ئایین و سیستەمی یاساییەوە بۆ گوازێتەوە بۆ نەوەکانی و لە ژیاندا ڕەنگدانەوەی هەبێت، کەلتوور و کۆمەڵگە جیاوازەکان بەهاکانی خۆیان لەسەر بنەمای باوەڕ و نەریت و ئەزموونی خۆیان پەرەپێداوە و هەوڵیان داوە بەهاکانیان بە دوور بێت لە کاریگەریی بەهای کۆمەڵگەکانی دیکە.

بەهاکان لە گرنگترین دیاریکەرەکانی ڕەفتاری مرۆڤن و لەنێو ئەو پێکهاتانەدان کە مامەڵەکردن و کارلێککردن لە نێوان تاک و گروپەکاندا ئاسان دەکەن. بەهاکان بەرهەمی کارلێکی نێوان تاک و کۆمەڵگاکەیە و تایبەتمەندییەکە کە مرۆڤ لە بوونەوەرە زیندووەکانی دیکە جیا دەکاتەوە. (یوسف, ٢٠٠٨, لاپەڕە ٢١٥).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

کانتی فەیلەسوفیش لای وایە یەکێک لە جیاکەرەوەکانی مرۆڤ لەگەڵ بوونەوەرەکانی تر دووە شتە: یەکەمیان بریتییە لەوەی مرۆڤ مامەڵەی عەقڵانی دەکات و پلان دادەڕێژێت و بیر لە داهاتوو دەکاتەوە. دووەمیش بریتییە لەوەی کە ئێمە بەهاکانمان بەلاوە گرنگن و بە شوێن بەهاکانەوەین. (غەریب, ٢٠٢٣, خوولەکی ٥).

دەتوانین بڵێین کە بەهاکان لە زاستەکاندا بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەت لە زانستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان گرنگییەکی زۆریان هەیە. هەروەها یەکێکن لەو هۆکارانەی کە ڕەفتاری تاکەکان یەکدەخات و یەکگرتوویی بیرکردنەوە و حوکمدان و ڕەفتار لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەدەست دەهێنێت. بەهاکان لە نێو ئەو سیفەتە کەسیانە هەژمار دەکرێن کە زۆرترین کاریگەریان لە ڕۆشنبیری کۆمەڵگەدا هەیە، هەموو کۆمەڵگایەک سیستەمی بەهای تایبەتی خۆی هەیە. بەهاکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پرۆسەی یەکگرتوویی و پەیوەندی و سەقامگیری و گەشەسەندنی کۆمەڵگاکاندا، کۆمەڵگایەک کە سیستەمێکی بەهای دامەزراو و تۆکمەی هەبێت، زۆربەی توخمەکانی پێشکەوتن و گەشەسەندنی تێدایە، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان و هەموو ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانە ببێتەوە کە بەسەریدا دێت. (حورية, ٢٠١٧, لاپەڕە ٣٦)

**٢-١: پەیوەندی نێوان بەهاکان و پەروەردە:**

پەیوەندی نێوان بەهاکان و پەروەردە؛ پەیوەندییەکی ئاڵۆز و فرەلایەنەیە، ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی گەشەکردنی مرۆڤ و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەتییەکان لەخۆدەگرێت. پەروەردە وەک پرۆسەیەکی ستراکتۆری فێربوون نەک هەر زانست دەبەخشێت، بەڵکو ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە داڕشتنی بەهاکانی تاکەکەس و کۆمەڵگاکان.

پەروەردە، ئامرازێکی بنەڕەتییە کە کۆمەڵگاکان لە ڕێگەیەوە بەها سەرەکییەکانی خۆیان بۆ نەوەی داهاتوو دەگوازنەوە. هەروەها سەکۆیەکە بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و چاندنی بەها ئەخلاقییەکان، دیوی پێی وایە پەروەردە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەکردنی بەهاکانەوە، کە دەبنە هۆی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن. ئەو دەڵێت کە پەروەردە دەبێت ئامانجی پەروەردەکردنی هاوولاتییەکی دیموکراسی بێت، کە توانای بەشداریکردنی ئەرێنی لە کۆمەڵگادا هەبێت. (دیوی, ٢٠٢٠, لاپەڕە ٥٨).

کاریگەری پەروەردە لەسەر پەروەردەکردنی بەهاکان، هەر لە سەرەتاکانی ژیانەوە دەست پێدەکات. لە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیدا زۆرجار بەهاکان بە شێوەیەکی نادیار و ئاشکرا، لە ڕێگەی بابەت و چالاکییە جیاوازەکانی قوتابخانەوە دەخوێندرێن. بۆ نموونە؛ پرۆگرامەکانی خوێندنی بواری بابەتە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان، زۆرجار بابەتەکانی وەک؛ هاوولاتیبوون و دادپەروەری و ڕەفتاری ئەخلاقی.. دەگرنە خۆ، ئەمانەیارمەتی خوێندکار دەدات لە دروستکردنی پێوەری ئەخلاقی تایبەت بە خۆی. جگە لەوەش، چالاکییەکانی دەرەوەی پرۆگرام وەک بەرنامەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، وەرزش و هونەر، کاری هەرەوەزی، ڕێزگرتن و بەرپرسیارێتی بەهێز دەکەن، بەهێزکردنی ئەم بەهایانە لە ڕێگەی بەشداریکردنی کردارییەوە دەبێت.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**٢-٢: تایبەتمەندییەکانی بەهاکان:**

ئەگەر بەهاکان بنەما یان ستانداردی سەرەکی بن، کە ڕێنمایی ڕەفتار و بڕیاردان بکەن و ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن لە داڕشتنی کردارە تاکەکەسی و نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی و کولتووره ڕێکخراوەییەکان. ئەوا تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی بەهاکان بۆ تێگەیشتن لە پاڵنەرەکانی مرۆڤ و داینامیکی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە. هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی کورت گرنگترین تایبەتمەندیی بەهاکان بخەینە ڕوو:

**أ- بەردەوامی**

هەندێک لە بەهاکان بەشێوەیەکی گشتی بەردەوامن، بە تێپەڕبوونی کات چوارچێوەیەکی جێگیر بۆ هەڵسوکەوتی تاک دابین دەکەن. بە پێچەوانەی پەسەندکراوە کاتییەکان یان هەڵوێستی بارودۆخەکان، هەندێ

جار بەهاکان بە درێژایی ژیانی تاک بەجێگیری دەمێنەوە. ئەم تایبەتمەندییە بەردەوامە گرنگە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەهاکان بناغەیەکی باوەڕپێکراو پێشکەش بکەن بۆ هەڵسوکەوت و ڕووداوەکان و بڕیادانێکی بەردەوام. (Rokeach, 1973, p. 5).

بەپێی ڕۆکیچ "بەهاکان ئەو ستانداردانەن کە دۆخە تایبەتەکان تێدەپەڕێنن و ڕێنمایی هەڵبژاردن یان هەڵسەنگاندنی ڕەفتار و ڕووداوەکان دەکەن". ئەم سروشتە بەردەوامە ئەوەیە کە بەهاکان لە تەنها بۆچوونەکان یان ئارەزووەکان جیا دەکاتەوە، کە دەتوانێت زۆرجار بە پشتبەستن بە بارودۆخەکان بگۆڕێت.

**ب- بەها خودی و کەسیین:**

بەهاکان پەیوەندییەکی بەهێزیان بە کەسایەتی تاکەوە هەیە و کاریگەرییان لەسەر بیروبۆچوون، خولیا و هەڵبژاردنەکانی هەیە. گرنگی بەهاکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بەپێی کەسایەتی و ئەزموونی تاکەکەسی. ئەمەش وا دەکات کە بۆچوونی خەڵک لەسەر شتەکان جیاواز بێت بەهۆی جیاوازی لە پێکهاتەی کەسایەتییان.

بەها لە ڕوانگەی تاکەوە دروست دەبێت، نەک لە خودی شتەکانەوە. بۆیە گرنگە بیروباوەڕی دروست لە کاتی بنیاتنانی بەهاکاندا بچەسپێنرێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونە، دەقەکە نموونەیەک لەسەر جیاوازی بۆچوون دەربارەی جگەرەکێشان دەهێنێتەوە، کە چۆن کەسانی جیاواز بە شێوەی جیاواز سەیری دەکەن. هەندێک کەس جگەرەکێشان بە شتێکی باش دەزانن چونکە پێیان وایە کێشەکانیان کەم دەکاتەوە، لە کاتێکدا کەسانی تر بە شتێکی خراپ و زیانبەخش دەیبینن. (الجلاد, 2013, لاپەڕە 35)

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**ج- بەهاکان ڕێژەیین**

بەهاکان بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی شوێن دەگۆڕێن. ئەوەی لە سەردەمێکدا بە بەهایەکی گرنگ و پەسەندکراو دادەنرێت، لەوانەیە لە سەردەمێکی تردا گرنگی و پەسەندی خۆی لەدەست بدات. هەروەها، ئەو بەهایانەی لە کۆمەڵگەیەکدا بەرز و بەنرخ دادەنرێن، دەشێت لە کۆمەڵگەیەکی تردا هیچ بایەخێکیان نەبێت یان تەنانەت بە نەرێنی سەیر بکرێن.

بەڵام لە ڕوانگەی باوەڕدارانەوە، بەهاکان جێگیر و نەگۆڕن. ئەوان بەهاکانیان بە ژیری و تێگەیشتنی قووڵ هەڵبژاردووە و کردوویانە بە پێوەر بۆ ڕەفتاریان.

لە ڕووی تیۆرییەوە، بەهاکان نیسبین و جێی مشتومڕن لە نێوان کەسان، کولتوورەکان و نەوەکاندا. بۆ نموونە، نەوەیەک دەشێت بەهایەک بە ئەرێنی ببینێت، لە کاتێکدا نەوەیەکی تر بە نەرێنی دەیبینێت.

جیاوازی لە تێڕوانین بۆ بەهاکان، دەبێتە هۆی جیاوازی لە دیاریکردنی چاکە و خراپە، پەسەندکراو و ڕەتکراوە، بەپێی بنەمای "بەهاکان شوێنکەوتەی بیرکردنەوەن و لێیەوە سەرچاوە دەگرن". (الجلاد, 2013, لاپەڕە 37).

**د-بەهاکان ئەبستراکن:**

کە دەڵێین بەهاکان سروشتێکی ئەبستراکتان هەیە، واتە بوونێکی مادی و بەرهەستیان نییە تا ڕاستەوخۆ درک بە بوونیان بکرێت و پێوانە بکرێن، بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێوانە دەکرێن، ئەمەش لە ڕێگەی کردار و گوفتاری تاکەکانەوە تێبینی دەکرێت و پێوانە دەکرێت. بۆ نموونە بەها ئاینییەکان لە ڕێگەی ڕێگەی ڕەنگدانەوەی سرووتە ئاینییەکانی تاکەوە دەزانرێت ئەو کەسە تا چ ڕادەیەک پەیوەستە بە بەها ئاینییەکانەوە. (اسماعیل و بابان, ٢٠٢٢, لاپەڕە 18)

**ه- بەهاکان تایبەتمەندیی گواستنەوەیان هەیە:**

واتە بەهاکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە توانای گواستنەوەیان هەیە، ئەویش لە چەندین ڕێگەوە دەبێت؛ بازرگانی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گواستنەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی.. (حوسێن, ٢٠٢٣, لاپەڕە 48)

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**٢-٣: سەرچاوەکانی بەهاکان:**

بەها مرۆییەکان لە چەندین سەرچاوەوە دروست دەبن، کە کاریگەرییان هەیە لەسەر باوەڕ، ڕەفتار و پرۆسەی بڕیاردانی تاکەکان. ئەم سەرچاوانە بریتین لە خێزان، ئایین، پەروەردە، کۆمەڵگا، کەلتوور و ئەزموونە کەسییەکان. تێگەیشتن لەم سەرچاوانە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن بەهاکان دروست دەبن و بەردەوام دەبن لە بوارە جیاوازەکاندا.

**أ- خێزان:**

خێزان زۆر جار سەرچاوەی سەرەکی بەهاکانە بۆ تاکەکان. لە تەمەنێکی زووەوە، منداڵان چاودێری ڕەفتار، هەڵوێست و باوەڕی دایک و باوک و ئەندامانی تری خێزانەکەیان دەکەن و لاسایی دەکەنەوە. ژینگەی خێزان بەها بنەڕەتییەکانی وەک ڕاستگۆیی، ڕێز، بەرپرسیارێتی و بەزەیی.. دەچەسپێنێت.(Berkowitz & Grych, 1998, p. 373)

**ب- دامەزراوە ئایینی و ڕوحییەکان:**

چوارچێوەیەکی بەهایی دابین دەکات کە ڕێنمایی ڕەفتاری ئاکاری و بڕیاردانی ئەخلاقی دەکات. زۆرێک لە ئایینەکان باوەڕ و فێرکردن پێشکەش دەکەن کە جەخت لەسەر چاکەکان دەکەنەوە وەک میهرەبانی،

خێرخوازی، بێفیزی و لێبوردن. کۆمەڵگە ئایینیەکان هەروەها ڕۆڵیان هەیە لە بەهێزکردنی ئەم بەهایانە لە ڕێگەی ڕێوڕەسم، نەریت و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە. (Pargament, 2002, p. 170)

**ج- دامەزراوە پەروەردەییەکان:**

دامەزراوە پەروەردەییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دروستکردن و بەهێزکردنی بەهاکاندا. قوتابخانە و زانکۆکان بەهاکان فێر دەکەن هەم بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە، لە ڕێگەی پرۆگرامی خوێندنەوە کە جەخت لەسەر پەروەردەی کەسایەتی دەکەنەوە، هەم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی پرۆگرامی شاراوەوە کە کەلتووری قوتابخانە، پەیوەندی مامۆستا-قوتابی و چالاکییە ناپۆلییەکان لەخۆ دەگرێت. (Nucci, 2001, p. 45-67)

**د- کۆمەڵگا و کەلتوور:**

کۆمەڵگا و کەلتوور شێوە بە بەهاکان دەدەن بە پێناسەکردنی ئەوەی کە چ ڕەفتارێک پەسەند و خوازراوە. نۆرمە کەلتوورییەکان، نەریتەکان و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر بەهاکانی پەیوەست بە ڕۆڵی ڕەگەزی، پێکهاتەی خێزان، ئەخلاقی کار و بەرپرسیارێتییە مەدەنییەکان. (Hofstede, 2001, p. 29-58)

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**ه- ئەزموونە کەسییەکان:**

ئەزموونە کەسییەکان، لەوانە ڕووداوەکانی ژیان، پەیوەندییەکان و تێڕامانە تاکەکەسییەکان، بەشێکی گرنگن و لە گەشەپێدانی بەهاکاندا بەشدارن. ئەم ئەزموونانە دەتوانن بەهاکانی ئێستا بەهێز بکەن یان ببنە هۆی وەرگرتنی بەهای نوێ. ڕووداوە گرنگەکان و خاڵە وەرچەرخانەکانی ژیان، زۆر جار وا لە تاکەکان دەکەن کە دووبارە هەڵسەنگاندن بۆ بەهاکانیان بکەن و دایانبڕێژنەوە. (Kolb, 1984, p. 21-35)

**و- میدیا و تەکنەلۆجیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

لە جیهانی هاوچەرخدا، میدیا و تەکنەلۆجیا بوونەتە سەرچاوەی کاریگەری بەهاکان. تەلەڤزیۆن، فیلم، میدیای کۆمەڵایەتی و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانی تر تاکەکان ڕووبەڕووی دیدگا و بەها کەلتوورییە جیاوازەکان دەکەنەوە. ئەوان ڕۆڵیان هەیە لە شێوەدان بە هەڵوێست و باوەڕەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە ئاڵوگۆڕی بەهاکان بە شێوەیەکی خێرا بەتایبەتی لە نێو نەوە گەنجەکاندا. (Gerbner and Others, 1986, p. 17-40)

کەواتە بەها مرۆییەکان لە ئەنجامی کارلێکی ئاڵۆزی چەندین سەرچاوەوە دروست دەبن، کە هەریەکەیان بە شێوەیەکی تایبەت بەشداری لە چوارچێوەی ئاکاری و ئەخلاقی تاکەکاندا دەکەن. تێگەیشتن لەم سەرچاوانە

تێڕوانینێک دەبەخشێت لەسەر چۆنیەتی گواستنەوە و بەردەوامبوونی بەهاکان لە نێوان نەوەکاندا، کە جەخت لەسەر گرنگی پەروەردەی بەهاکان بە ئەنقەست دەکاتەوە لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا.

**٢-٤: پۆلێنکردنی بەهاکان:**

زۆرجار پۆلێنکردنی بەهاکان بەندە بەو چوارچێوەیەی کە تێیدا لێیان دەکۆڵێتەوە، وەک فەلسەفە، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، یان تەنانەت لە بواری بازرگانی و ئابووریشدا. هیچ پۆلێنبەندییەکی یەکگرتوو نییە کە پشتی پێ ببەسترێت بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی بەهاکان چەندین پۆلێنکردن هەیە کە توێژەرانی ئەم بوارە لەسەر بنەمای پێوەرە جۆراوجۆرەکان پەرەیان پێداون و ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو پۆلێنکردنانە:

**٢-٤-١ پۆلێنکردنی بەهاکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:**

پۆلێنکردنی ئۆلپۆرت و ڤێرنۆنە و "ليندسى زێی-ليند"، ئەم پۆلێنکردنە وا گریمانە دەکات کە مرۆڤەکان بە پلەی یەکەم لە لایەن یەکێک یان زیاتر لە بەهاکان، کە بیروباوەڕی بنەڕەتین ڕێنمایی و هاندەری هەڵوێست و کردارەکانن. بنەمایەکن بۆ ڕەفتاری ئەخلاقی و بڕیاردان و هاوسەنگی گشتی کۆمەڵگا. کە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلبەندیان بۆ کردوون:

**أ- بەهای ئەخلاقی:**

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

بەهای ئەخلاقی ئەو پرەنسیپانەن کە حوکمی هەستی ڕاست و هەڵەی تاک دەکەن. ئەم بەهایانە زۆرجار ڕیشەیان لە فێرکردنی کەلتووری، ئایینی یان فەلسەفییەوە هەیە و بڕبڕەی پشتی ڕەفتاری ئەخلاقین. بەپێی شوارتز، بەهای ئەخلاقی ڕاستگۆیی، دەستپاکی، دادپەروەری و دادگەری لەخۆدەگرێت (Schwartz,1992, p 5). ئەم بەهایانە کاریگەرییان لەسەر بڕیار و کردارەکانمان هەیە و دڵنیامان دەکەن کە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و ئەخلاقی ڕەفتار بکەین. بۆ نموونە، ڕاستگۆیی بەهادارە چونکە متمانە و هاوکاری لە نێوان تاکەکان و لەناو کۆمەڵگادا دروست دەکات.

**ب- بەهای تیۆری:**

کۆمەڵێک بەهان کە گوزارشت لە گرنگیدانی تاک دەکەن بە زانست و مەعریفە و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو یاسایانەی کە حوکمی شتەکان دەکەن بە مەبەستی ناسینیان، هەروەها مەیلی تاک بۆ دۆزینەوەی ڕاستی. ئەو کەسانەی کە ئەم بەهایە لایان زاڵە، بە ڕوانینێکی بابەتی، ڕەخنەگرانە و مەعریفی جیا دەکرێنەوە. ئەم کەسانە بە گشتی لە فەیلەسوفان، زانایان و بیرمەندان پێکدێن. (الهاشمي و سفيان, ٢٠١٢, لاپەڕە ٨١)

**ج- بەهای ئابووری:**

هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پیوەندی بە بواری ئابوورییەوە هەیە، لە جۆرە بەهایەدا تاک و بەرژەوەندییەکانی و مەیلی بۆ ئەو شتانەی کە سوودیان هەیە بۆی ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بڕیاردان و

پەیوەستبوون پێیانەوە، تاک دەوروبەری وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنان و زیادکردنی سامانی دەبینێت و هەوڵدەدات لە ڕێگەی بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردن و بەکاربردنەوە سوود لە دەوربەری و باردۆخەکان ببینێت، ئەو کەسانەی ئەم بەهایان هەیە بە تێڕوانینێکی کردەیی سوودگەرایانە تایبەتمەندن. (اسماعیل و بابان, ٢٠٢٢, لاپەڕە ١٣).

**د- بەهای کەسییەکان:**

بەهای کەسییەکان، ئەو بیروباوەڕە تاکەکەسییانەن کە ڕێنمایی ڕەفتار و پرۆسەی بڕیاردانی کەسێک دەکەن. ئەم بەهایانە لە ڕێگەی ئەزموونی کەسی، پەروەردە و تێڕامانی کەسییەوە دادەڕێژرێن. ڕۆکیچ بەهای کەسی پێناسە دەکات وەک "بیروباوەڕی بەردەوام کە شێوازێکی دیاریکراوی ڕەفتار یان دۆخی کۆتایی بوون بە شێوەیەکی کەسی یان کۆمەڵایەتی باشترە" (Rokeach, 1973, p. 5). نموونەی بەهای کەسییەکان، خوازیاری سەربەخۆیی و داهێنەرییە. ئەم بەهایانە کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنی پیشە، پەیوەندییەکان و هەڵبژاردنی شێوازی ژیان هەیە.

**ه- بەهای کۆمەڵایەتی:**

بەهای کۆمەڵایەتی ئەو پرەنسیپ و پێوەرە هاوبەشانەن کە کۆمەڵگایەک یان گروپێک بە بەرزی تێیاندەڕوانێت. ئەوان ڕەفتاری پەسەندکراو دیاری دەکەن و یارمەتی پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەدەن. دورکهایم جەختی لەسەر گرنگی بەهای کۆمەڵایەتی کردووە لە پاراستنی یەکگرتوویی و سیستەمی کۆمەڵگادا (Durkheim, 1995, p. 52). نموونەکان بریتین لە ڕێزگرتن لە یاسا و سیستەم، لێبوردەیی و یەکسانی. بەهای کۆمەڵایەتی هاوکاری بەرەوپێش دەبەن و ڕێگری لە ئاژاوە دەکەن بە دڵنیاکردنەوە لەوەی کە ئەندامانی کۆمەڵگا پابەندی پێوەرە هاوبەشەکانی ڕەفتارن.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**و- بەها سیاسییەکان:**

ئەمیش بریتییە لە هەموو ئەو بەهایانەی کە پەیوەندارن بە بواری سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتەوە، بەرژەوەندی تاک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی کەسانی دیکە بکات و فەرمانڕەوایان بکات، تاکەکان لە ڕێگەی کردەی سیاسییەوە هەوڵ دەدات ئەم بەهایانە لە ناو کۆمەڵدا پەرەپێبدات. (اسماعیل و بابان, ٢٠٢٢, لاپەڕە ١٣).

پۆلێنکردنی بەهاکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چوارچێوەیەک دابین دەکات بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ڕەفتاری مرۆیی و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان. بەهای ئەخلاقی، کەلتووری، کەسی و کۆمەڵایەتی... هەریەکەیان ڕۆڵێکی جیاوازیان هەیە لە ڕێنماییکردنی کردارەکان و داڕشتنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان. تێگەیشتن لەم پۆلێنکردنانە دەتوانێت یارمەتی تاکەکان و کۆمەڵگاکان بدات لە

ڕووبەڕووبوونەوەی دوودڵییە ئاکارییەکان و جیاوازییە کەلتوورییەکان و گەشەسەندنی کەسی. لەگەڵ ئەوەی کە بەهاکان بەردەوام لە گۆڕاندان، بەڵام هێشتا پێکهاتەیەکی گرنگی کارلێکی مرۆیی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتین.

**ز- بەهای جوانی و هونەری:**

ئەمە گوزارشت لە گرنگیدان و مەیلی تاکە بۆ ئەوەی جوانە لە ڕووی شێوە یان گونجان یان ڕێکخستنەوە. کەسی خاوەن ئەم بەهایە سەیری جیهانی دەوروبەری خۆی دەکات بە چاوێکی بەهادار لە ڕووی پێکهاتە و ڕێکخستنەوە. پێویست ناکات ئەم کەسانە هونەرمەندی داهێنەر بن، بەڵکو توانای چێژوەرگرتنیان لە جوانی و هونەر هەیە. (الهاشمي و سفيان, ٢٠١٢, لاپەڕە ٨٢)

**ح- بەهای کەلتووری:**

بەهای کەلتووری ئەو بیروباوەڕ و ڕەفتارە هاوبەشانەن کە تایبەتمەندی گروپێک یان کۆمەڵگایەکی دیاریکراون. ئەم بەهایانە ڕەفتار، نەریت و نۆرمەکانی کۆمەڵگایەک دادەڕێژن. هۆفستێد ڕەهەندەکانی کەلتوور دەستنیشان دەکات وەک تاکگەرایی بەرامبەر بە کۆمەڵگەرایی، دووری دەسەڵات و خۆلادان لە نادڵنیایی، کە ڕەنگدانەوەی بەها سەرەکییەکانی کەلتوورە جیاوازەکانن (Hofstede, 1980, p. 45). بەهای کەلتووری دیاری دەکات کە چۆن خەڵک لەگەڵ یەکتر کارلێک دەکەن و چۆن سەیری جیهان دەکەن. بۆ نموونە، لە کەلتوورە کۆمەڵگەراییەکاندا، بەهای کۆمەڵگا و خێزان زۆرجار زاڵە بەسەر خواستی تاکەکەسیدا، کە هاوئاهەنگی و یەکڕیزی گروپ بەرەوپێش دەبات.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**٢-٥:پێکهاتەکانی بەها:**

بەهاکان لە سێ بنەماک سەرەکی پێکهاتوون کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- پێکهاتەی مەعریفی: ئەم بەشە پێکدێت لە تێگەیشتن و دەرککردنی بابەتی بەها و جیاکردنەوەی لە ڕێگەی بیرکردنەوە یان هۆشیاری لەوەی کە شایانی ئارەزوو و نرخاندنە. ئەمە نوێنەرایەتی بیروباوەڕ، حوکم، بیرۆکە و زانیارییەکانی تاک دەربارەی بابەتی بەها دەکات. بە واتایەکی تر، ئەمە پەیوەندی بە دانانی یەکێک لە بابەتەکانی بیرکردنەوە لەسەر یەک یان چەند ڕەهەندی حوکمدان هەیە. (Rokeach, 1973, p. 220)

٢- پێکهاتەی ڕەفتاری: ئاماژە بە ئامادەیی و مەیلی کەس دەکات بۆ وەڵامدانەوە و دەرخستنی ناوەرۆکە ڕەفتارییەکانی بەها لە کارلێکی ژیاندا. هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجێک لە ڕێگەی دەربرینی بەها بە ئەنجامدانی ڕەفتاری ئازادیی دەرەکی، یان گەیشتن بە پێوەرێکی ڕەفتاریی دیاریکراو ڕوودەدات. ئەمە لەوانەیە لە نیەت و مەبەستە ڕەفتارییەکاندا خۆی ببینێتەوە، وەک هەندێک پێی دەڵێن. بەهاکان بەپێی ئەم

تێڕوانینە وەک گۆڕاوێکی ناوەندی یان پێوەرێکی ڕێنیشـاندەر بۆ ڕەفتار یان کردار دەوەسـتن. (الراشـدي, ٢٠١٣, لاپەڕە ٣٨)

٣- پێکهاتەی سـۆزداری: پێوەرەکەی بریتییە لە نرخاندنێک کە ڕەنگدانەوەی هەیە لە پەیوەسـتبوون بە بەها و شانازیکردن پێوەی و هەستکردن بە خۆشحاڵی لە تاقیکردنەوەیدا و ئارەزووی ڕاگەیاندنی بە ئاشکرا. نرخاندن بە ئاستی دووەم دادەنرێت لە پەیژەی پلەکانی گەیشتن بە بەهاکان و لە دوو هەنگاوی یەک لەدوای یەک پێکدێت کە بریتین لە: هەستکردن بە خۆشحاڵی لە هەڵبژاردنی بەهاکە، پاشان ڕاگەیاندنی پابەندبوون بە بەهاکە بە شێوەیەکی ئاشکرا. (عمر, ٢٠٢٢, لاپەڕە ٨٢٥)

**بەشی سێیەم**

**ڕێکارییەکانی توێژینەوە:**

**٣-١ :میتۆدی توێژینەوە:**

بەمەبەسـتی بەدیهێنـانی ئـامـانجەکـانی توێژینەوەکە، میتۆدی وەسـفی بەکارهێنراوە. کە یەکێکە میتۆدە بەکارهێنراوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی بابەتە نووسـراو و بیسـتراو و بینراوەکان، ئەویش لە ڕێی دارشـتنی پلانێکی تۆکمەوە بۆ هەڵبژاردنی سـامپڵێک لە مادەکە و پاشـان دیاریکردنی پۆلێنی بەهاکان و شیکردنەوەی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

سـنووری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کتێبی (بـابەتە کۆمەڵایەتییەکـان/ مێژوو) بۆ پۆلەکـانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی، چاپی یەکەمی سـاڵی (٢٠٢٢)، کە لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم دایناوە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکانەوە، بڕیاری لەسـەر دراوە کە لەسـەرجەم قوتابخانە حکومییەکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە، بخوێنرێت.

دوای خوێندنەوە و پشـکنینی لاپەڕەکانی ئەو کتێبە، توێژەر کۆمەڵێک پێودانگی بۆ شـیکارکردنی کۆی بابەتەکان دیاریکردووە. دواتر ڕێژەی ئەو لاپەڕانەی کە شیاوی شـیکارکردن بوون، بەسـامپڵ وەرگرتووە. بەم شێوەیەو دوای دورخستنەوەی ئەو لاپەڕانەی کە بۆ شیکارکردن نەشیاوبوون. هەروەک لە خشتەی (1) ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی (1)

لاپەڕەی تەرخانکراو بۆ بابەتەکان

| بابەت | ژمارەی لاپەڕە | ٪ | پۆل |
|---|---|---|---|
| بابەت و وێنە | 97 | 53.89 | حەوت |
| هیتر | 83 | 46.11 | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆ | 180 | 100 | |

ئەو لاپەڕانەی بریتی بوون لە بەرگ و پێرست و ڕاهێنان و چالاکی و پیتەکان و واتای وشەکان. ئەم بابەتانە بەپێی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە بۆ شیکارکردن شیاو نەبوون و دورخراونەتەوە. چونکە ئەو بابەتانە ئامانج لێیان ڕاهێنانە لەسەر لێوەشاوەیی نووسین و دەستوخەت و ژمارەکردن و کۆنترۆڵکردنی شێوەی پیت و وشە و ڕستەکان و ڕیزکردنی چەمکەکان. ئەم جۆرە دورخستنەوانەش بۆ خۆی زانستییە و لە زۆربەی پرۆسەکانی شیکارکردنی ناوەرۆکدا پەیڕەو دەکرێت.

٣-٢: دەستەی شیکار: لەبەرئەوەی ئامانج لەم توێژینەوەیەدا، دیاریکردنی ئەو بەهایانەیە کە لە کتێبی خوێندنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتیدان، بۆیە (بەها) لە شیکارکردنی ناوەڕۆکی ئەو کتێبەدا بەدەستەی شیکار دانراوە.

لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکان و ئەدەبیاتی پەروەردەییدا، دوای گەڕان و پشکنینی سەرچاوە زانستییە پەیوەندیدارەکان، بەمەبەستی شیکارکردنی بەهاکانی نێو بابەتەکانی کتێبەکەو زانینی جۆرو ڕێژەیان، پۆلێنی وایت White بۆ بەهاکان هەڵبژێردراوەو بەکار هێنراوە. (بوکاني، 2007، 178).

هەروەک لەپاشکۆی (1) خراوەتەڕوو. دوای دیاری کردنی سامپڵ و بەمەبەستی دەستکەوتنی داتای پێویست، توێژەر پشتی بەفۆرمێک بەستووە (هەروەک لەپاشکۆی ژمارە (2) خراوەتەڕوو) کە بۆ ئەم توێژینەوە داڕێژراوە و پاش فۆرمی شیکار کردنەکە بەچەند شارەزاو پسپۆڕێک دراوە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

٣-٣: یەکەی شیکارکردن: مەبەست لەیەکەی شیکار ئەو ڕەگەزانەیە کە لەڕێگەیانەوە دەستەی شیکار، هەژمار دەکرێت. لەم توێژینەوەشدا ڕستەی تەواو بەیەکەی شیکار دانراوە کە بریتییە لە یەکەی هزر (Theme) وەک یەکەیەکی بنەڕەتی بۆ شیکارکردنی بەهاکان. واتا ئەو بەهایانەی ڕاشکاوانە لەڕستەکاندا گوزارشتیان لێوە کراوە و بۆ هەریەک لەمامۆستا و قوتابی دیار و ڕۆشنە و بەپێیدەبەن. هەروەها یەکەی ( چەندبارە بونەوە) بۆ هەژمارکردنی هەر بۆڵێک لەبۆڵ بەهاکان بەکارهێنراوە و تێکڕای یەکەکان لەپرۆسەی شیکارکردندا سەنگی وەک یەکیان پێدراوە و ئەمەش بۆخۆی ڕێگایەکی باو و زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، جگە لەیەکەی(سم2) بۆ پێوانەکردنی ڕووبەری وێنە و بابەتەکانی تر.

بۆ پێوانەکردنی نەگۆڕیی یاخود جێگیری (الثبات Reliability) سەرجەم لاپەرە شیکارکراوەکان. جارێکی تر توێژەر شیکاری کردوون بە جیاوازی ماوەی زەمەنی مانگێک نێوان شیکاری یەکەم و شیکاری دووەم. بەپێی یاسای هۆڵستی، برە داتای (ڕێکەوتن، الاتفاق) لەسەر ناوەڕۆک و پۆلێنکردنی بەهاکان بەپێی پۆلێنەکەی وایت دەرهێنراوە، بەجۆرێک لەنێوان هەردوو شیکارەکەی توێژەردا لەدووکاتی جیاوازدا کردوویەتییە نزیکەی (0.83) لە ڕێی ئەم هاوکێشەیەوە:

ن X ناوەندی ڕێکەوتنی نێوان دوو شیتەڵکارەکە

جێگیری= ————————————————————

1 + (ن - 1) ناوەندی ڕێکەوتنی نێوان دوو شیتەڵکارەکە

ن: یەکسانە بە ژمارەی شیتەڵکارەکان. ( طعیمە، 1987: 181)

٣-٤: هەنگاوەکانی شـــیکارکردن: خوێندنەوەی هەر وانەیەک لە وانەکانی نێو کتێبەکە بەوردی، پاشـــان پارچەکردنی هەر دەق و بابەتێک بۆ ڕستەی تەواو، دواتر دیاریکردنی بەهای باو و جۆرەکەی لە ڕستەکاندا و تۆمارکردنی لە خانەی تایبەت بەجۆری بەهاکە لەنێو فۆرمەکەدا. ئینجا هەژمارکردنی چەندبارەی ژمارەی هەر بەهایەک و دەرهێنانی ڕێژەی ســـەدی یەکە بە یەکەی بەهاکان و هەر گروپێک لە گروپی بەهاکان. سەبارەت بەڕووبەریش بە یەکەی پێوانەی سم2 ڕووبەری سەرجەم وێنەو بابەتە و ژانرە ئەدەبییەکان پێوانە کراوە.

**خستنەڕووی ئەنجامەکان**

ســـەبارەت بەئامانجی توێژینەوەکە کە بریتییە لەدیاریکردنی ڕێژەی ئەو لاپەڕانەی تەرخانکراون بۆ پێدانی بەهاکان بەقوتابی بەبەراورد بەڕێژەی گشـــتی لاپەڕەکان لەکتێبی خوێندنەوەی کوردی قۆناغی دووەمی بنەڕەتیدا. لەدوای هەژمارکردن و بەراورد کردن، توێژەر بەم ئەنجامە گەیشـــتووە، هەروەک لەخشـــتەی ژمارە (2) ڕوونکراوەتەوە:

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

خشتەی (٢)
ڕیزبەندی بەهاکان بە پێی دەرکەوتنیان (پۆلی حەوت)

| جۆری بەها | بەها | دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|
| مەعریفی ٥٤ | پەروەردە و فێربوون | ١٢ |
| | زانین | ٧ |
| | تێگەیشتن | ٤ |
| | ناسین | ٤ |
| | داهێنان و زانست | ١٧ |
| | تۆمارکردن | ٢ |
| | داهێنانی نووسین | ٨ |
| کۆمەڵایەتی ٢٥ | پێکەوەژیان | ١٠ |

| | | |
|---|---|---|
| | پێشکەوتنی ژیاری | ٦ |
| | یەکگرتوویی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی | ٩ |
| جوگرافی ٢٧ | نیشتەجێبوون و شارستانیەت | ٢٥ |
| | دروستکردنی گوند | ٢ |
| ئابووری ٣٥ | کشتوکاڵ | ٩ |
| | چنین و جلوبەرگ | ٢ |
| | ڕاوکردن | ٢ |
| | کۆکردنەوەی خۆراک و پاراستنی | ٩ |
| | پیشەسازی و بازرگانی | ١٠ |
| | خاوەندارێتی و پاراستنی موڵک | ٣ |
| تەکنەلۆژی ٨ | دروستکردنی ئامێر | ٤ |
| | بەکارهێنانی کانزا | ٣ |
| | دۆزینەوەی ئاگر | ١ |
| ئایینی ٨ | پەرستش و باوەڕ | ٦ |
| | خواوەند | ٢ |
| سیاسی ٣٥ | دەسەڵات و حوکمڕانی | ٢١ |
| | یاسا و ڕێکخستن | ٢ |
| | یەکگرتووی وڵات | ١ |
| | هاوپەیمانێتی | ٢ |
| | سەربەخۆیی | ٦ |
| | ئازادی | ٣ |
| جوانناسی ١٦ | هونەر و ئەدەب | ٥ |
| | نەخش و نیگار | ٤ |
| | پەیکەرتاشی | ٧ |
| کولتووری ٢٦ | نەریت و پاراستنی مێژوو و شوێنەوار | ٢٦ |
| ئاکاری ٦ | گرنگیدان بە خەڵک | ٣ |
| | سەربەخۆیی و بەرنگاری زوڵم | ٣ |
| دەسکەوت ٣ | بیناسازی | ٣ |
| دادپەروەریی ٣ | دانانی یاسا | ٣ |
| فراوانبوون | گەشەی هەرێمی | ١ |
| سەربازی | شەڕ و بەرگری | ١٢ |

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

| | | |
|---|---|---|
| نەتەوەیی ١٣ | نیشتیمانپەروەریی | ٧ |
| | شکۆ | ٥ |
| | ناسنامەی نەتەوەیی | ١ |
| نیشتمانی ٤ | پاراستنی خاک | ٤ |
| کۆی گشتی | | ٢٧٦ |

ئەم خشتەیە پیشان دەدات کە لە کۆی گشتی ٢٧٦ جار جۆرێکی دیاریکراو دووبارە بووەتەوە. جۆرەکان زۆر جیاوازن، لە مەعریفی و پەروەردەوە هەتا سیاسی، کولتووری، ئابووری و هتد. بەپێی داتاکان، بوارەکانی مەعریفی و سیاسی و ئابووری زۆرترین دووبارەبوونەوەیان هەیە، هەریەکەیان نزیکەی ٣٥ جار دووبارە بووەتەوە.

لە ناو بوارە جیاوازەکاندا، "دەسەڵات و حوکمڕانی" لە بواری سیاسیدا ٢١ جار دووبارە بووەتەوە، هەروەها "پەروەردە و فێربوون" لە بواری مەعریفیدا ١٢ جار دووبارە بووەتەوە. بوارەکانی "داهێنان و زانست" (١٧ جار)، "جوگرافی" (٢٧ جار)، و "کولتوور" (٢٦ جار) ئاستێکی بەرچاویان هەیە لە دووبارەبوونەوە. بوارە بچووکەکان وەک "دۆزینەوەی ئاگر" تەنیا یەک جار، "یەکگرتوویی وڵات" تەنیا یەک جار، و هەندێک بواری دیکە وەک "چنین و جلوبەرگ" و "دروستکردنی گوند" تەنیا دوو جار دووبارە بووەتەوە. ئەمە پیشان دەدات کە هەندێک بابەت کەمتر گرنگ یان کەمتر باس کراون لە چاو بوارە سەرەکییەکانی وەک سیاسەت، پەروەردە، و کولتوور.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**دەرئەنجامەکان:**

لەدوابەدوای شیکاری ناوەرۆکی کتێبی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەم و خستنەڕووی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوە، توێژەر بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە:

١. ڕێژەی ئەو لاپەڕانەی کە بەهایان لەخۆگرتووە، زۆر کەمەن. زۆربەی لاپەڕەکان بۆ چالاکی و ڕاهێنان و پێرست و ناونیشان و مەبەستی دیکە تەرخانکراون.

٢. گەورەترین چەندەباری بەها (٥٤) جارە. بۆیە هەر بەهایەک لەنێوی ئەو ژمارەیە زیاتر چەندبارە بێتەوە، بە بەهای باو هەژمارکراوە. بەم پێیە بەها باوەکانی نێو کتێبی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەم، بریتین لە (مەعریفە، ئابووری، سیاسی، جوگرافی، کۆمەڵایەتی، کولتووری جوانناسی). ئەمانەش بەدوایاندا هاتوون (نەتەوەیی، تەکنەلۆژیا، ئاکار، دەستکەوت دادپەروەری، سەربازی، نیشتیمانی).

٣.ڕیزبەندی گروپی بەهاکان بەم شێوەیەیە (مەعریفی، ئابووری، سیاسی، جوگرافی، کۆمەڵایەتی، کولتۆووری).

**ڕاسپاردەکان:**

لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەرئەنجامانەی کە لەشیکاری ناوەڕۆکی کتێبی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەم پێیگەیشتین و بەو مەبەستەی ئەو پرۆگرامەی خوێندنی بنەڕەتی و خزمەتی زیاتر پەروەردەکانمان بگەیەنێت، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان و وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

١. زیادکردن و دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەم به بەهای زیاتر، چونکە ژمارەی بەرنامەکەی خوێندندا نزیکەی (٢٧٦) بەها بەدی دەکرێت، ئەم ژمارەیەش وەکوو پێویست نییە و دەکرێت بەهای زۆرتر لەخۆ بگرێت. هەروەک ئاشکرایە ناوەڕۆکی پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بەبەراورد بەناوەڕۆکی پرۆگرامەکان تری وەک (بیرکاری و زانست...تاد، شیاوترو لەبارترە بۆ چێکردنەوەی بەهاکان.

٢. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتیدا دەیان بەهای نوێ دێنە ئاراوە و دەبێت لەکاتی دانانی پرۆگرامدا بەهەند وەربگیرێن. بەتایبەتیش ئەو بەهایانەی کە ئەندێشەی تازەلاوان فراوان دەکەن و پرسیاری لا دەوروژێنن، بۆیە جۆری و بەهای تازە لە ناو کطیبەکان جێگەی بکرێتەوە.

٣. باشتروایە وێنەکان گەورەتر بکرێن، جوانتر بن و بەهای زیاتر لەخۆبگرن، ڕەنگەکان ڕەونەقیان پێبدرێ و ئەوەندە کاڵ نەبن، لەڕووبەری ڕەنگی (سپی)یش تا دوا ئەندازە کەمبکرێتەوە و کوالێتی وێنەکان باش بکرێن.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

٤- ئەنجامدانی توێژینەوە لە لایەن وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە بکرێت لەم خاڵانەی خوارەوە:

أ- پێداچوونەوە بە ناوەڕۆکی کتێبەکانی خوێندن بکرێت بۆ گونجاندنی بەها نوێ و هاوچەرخەکان و گەشەپێدانی ئەندێشەی تازەلاوان و بەهێزکردنی توانای پرسیارکردن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە

ب- نوێکردنەوەی وێنە و گرافیکەکانی نێو کتێبەکان بە گەورەکردنی قەبارەی وێنەکان و پاڵپشتیکردنی جوانی و بایەخی وێنەکان و بەکارهێنانی ڕەنگی زیندوو و گەش و کەمکردنەوەی ڕووبەری ڕەنگی سپی و باشترکردنی کوالێتی وێنەکان.

ج- گرنگیدان بە توێژینەوەی زانستی لەسەر شیکردنەوەی بەها نوێکان و کاریگەرییان لەسەر پەروەردە و فێرکردن و دۆزینەوەی ڕێگاکانی گونجاندنیان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا.

د- ئامادەکردنی کادر و پسپۆڕان بۆ تێگەیشتن لە بەها نوێکان و توانای گواستنەوەی زانیاری بۆ فێرخوازان، هەروەها پەرەپێدانی شێوازی وانەوتنەوەی تازە و سەردەمی.

ه- دیزاینکردنی پڕۆگرامی هاوبەش بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی بەها نوێکان و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی و بەهێزکردنی توانای داهێنان و نوێگەری.

و- دانانی سیستەمی هەڵسەنگاندن کە بایەخ بە بیرکردنەوەی ئازاد بدات و توانای پرسیارکردن پێش بخات و بەهای داهێنان و نوێگەری بەرز بنرخێنێت.

**سەرچاوەکان:**

**کوردی:**

١- بوكانى، صابر بكر (٢٠٠٧): القيم في مجلات الاطفال باقليم كوردستان، أطروحة دكتورا غير منشورة، كوية، كلية العلوم الاجتماعية، جامعية كوية.

٢- بۆکانی, سابیر بکر (٢٠١٦). میتۆدی توێژینەوەی زانستی. سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

٣- بۆکانی, سابیر بکر (٢٠٢٠). ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەروونییەکان. سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

٤- حوسێن, کارزان جمال (٢٠٢٣). کاریگەری فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراو لە گەشەپێدانی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچەی ساوایان لە ڕوانگەی دایک و باوەکانەوە. سلێمانی: بڵاونەکراوە.

٥- گێلاس عبدالله، و ئەحمەد علی(٢٠٢٢). بەها کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەی منداڵ. سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

٦- ماکواری, جۆن. (٢٠٠٥). فەلسەفەی بوونگەرایی. (و. ئ. بەرزنجی, پێداچوونکار) سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ڕاگەیاندنی نەوا.

٧- دیوی، جۆن (٢٠٢٠). ئەزموون و کۆمەڵگە. سلێمانی: ڕێکخراوی ئازادبوون.

٨- غەریب, ت. ح. (٢٠٢٣). کۆرسی فەلسەفەی بەها. سلێمانی: ناوەندی هەژان.

**عەرەبی:**

٩- حورية, شرقي (٢٠١٧). النسق القيمي وعلاقته بالتوافق النفسي واالجتماعي لدى طلبة المراحل المتوسطة والثانوية. رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة وهران، الجزائر.

١٠- الراشدي, ك. ا. (٢٠١٣). القيم الشخصية وعلاقتها باتخاذ القرار لدى مديري المدارس الثانوية. عراق: غير منشورة.

١١- طعيمة، رشدى (١٩٨٧): تحليل المحتوى في العلوم الانسانية، مفهومه، أسسه، استخداماته، دار الفكر العربي، القاهرة.

١٢- العتوم، عدنان يوسف (٢٠٠٨). علم النفس الاجتماعي. عمان: اثراء للنشر والتوزيع.

١٣- علي, ع. ا., عبير احمد, أبوهنتش & ,أشرف محمود محمد. (2018). دراسة تحليلية للقيم المتضمنة في كتاب اللغة العربية للصف الثاني الثانوي .مجلة كلية التربية15 ,(س15. ع83. ج2 (ديسمبر2018)), 104-135

١٤- عمر, أ. أ. س & ,.أمنية أحمد سعد. (2022). القيم الاجتماعية وعلاقتها بتنشئة الأطفال .مجلة كلية الآداب بقنا ,(55)31 , 815-856.

١٥- لوكيا الهاشمي & ,بوعطيط سفيان. (2017). القيم الشخصية في ظل التغير الاجتماعي و علاقتها بالتوافق المهني.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

١٦- مرتضــى، حســن علي الشــمري م. . (2024). دور الصــحافة الالكترونية العراقية في تعزيز قيم المواطنة لدى الشــباب الـجـامـعـي دراســـة مســـحـيـة عـلـى طـلـبـة كـلـيـة الاداب – جـامـعـة واســـط. لارك, 16-904 ,(Pt1/ 3) 876. https://doi.org/10.31185/lark.3644

١٧- الهندي, سهيل أحمد (٢٠٠١). دور المعلم في تنمية بعض القيم الاجتماعية لدى طلبة الصف الثاني عشر بمحافظات غزة من وجهة نظرهم، رسالة ماجستير غير منشورة. غزة.

١٨- الجلاد, ماجد زكي (٢٠١٣). تعلم القيم وتعليمها. عمان: دار المسيرة.

19-Durkheim, E .(1995) .The Elementary Forms of Religious Life .New York :The Free Press.

20-Hofstede, G .(1980) .Culture's Consequences: International Differences in Work-Related Values .Beverly Hills: Sage Publications.

21-Kohlberg, L .(1984) .The Psychology of Moral Development: The Nature and Validity of Moral Stages, Volume 2 .New York, United States: Harper & Row.

22-Rokeach, M .(1973) .The Nature of Human Values .New york: Free Press.

23-Berkowitz, M. W., & Grych, J. H. (1998). Fostering goodness: Teaching parents to facilitate children's moral development. *Journal of moral Education*, *27*(3), 371-391.

24-Pargament, K. I., Ano, G. G., & Wachholtz, A. (2005). The religious dimension of coping. *Handbook of the psychology of religion and spirituality*, 479-495.

25-Nucci, L. P. (2001). *Education in the moral domain*. Cambridge University Press.

26-Gerbner, G., Gross, L., Morgan, M., & Signorielli, N. (1986). Living with television: The dynamics of the cultivation process. *Perspectives on media effects*, *1986*, 17-40.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية